دووەم: بە مەبەستی هاندانی لابردنی (شیوع) لەو زەویانەی کە لەو رووبەرانە کەمترە کە ئاماژەی پێ کراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە مامەڵەکانیان دەبەخشرێن لە باجی دادوەری.

ماددەی دوانزەهەم:

هیچ مافێکی یاسایی نادرێت بەو کەسەی کە زێدەرۆیی کردۆتە سەر زەوی کشتوکاڵی و رەز و باغ.

ماددەی سێزدەهەم:

لەکاتی کوژاندنەوەی مافەکانی دەسکاری لەو زەویانەی کە یاساکە دەیانگریتەوە لە ناو سنووری شارەوانیەکان خاوەنەکانیان قەرەبوو دەکرێتەوە بە رێژەی (3%) لە رووبەری کوژێندراوە بە شێوەی زەوی نیشتەجێی فەرزکراو و تۆماردەکرێ بە ناویان لە جۆری مولك سرف ئەمەش لە رێکەوتی دەرچوونی یاسای ژمارە (5ی ساڵی 2007) لە رۆژی (2007/5/20) بە دواوە بەڵام ئەو زەویانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانیەکان کاری کوژاندنەوەیان بۆ دەکرێت بەپێی ئەو یاسا و رێنمایانەی کە ئیستا کاری پێ دەکرێت.

ماددەی چواردەم:

کار بەم رێنماییە دەکرێت لە رۆژی بلاوبونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

ماددەی پانزەهەم:

لەرۆژی بلاوبونەوەی ئەم رێنماییە لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کار بە هیچ رێنماییەکی تر ناکرێت.

**عبدالستار مجيد قادر**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارتی تەندروستی**
**ژمارە :** 12837 **لە** 2014/9/11

پاڵپشت بە بڕگەی پێنج لە ماددەی 22 لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە 89 ی ساڵی 1981 ئەم رێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد :

**رێنمایی ژمارە ( 2 )ی ساڵی** 2014
**رێنمایی زیادکردنی یۆد بۆ خوێی چێشت**

**یەکەم :**

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە چاودێری کردنی رێژەی یۆد لە خوێی بەرهەمهێنراوی ناوخۆیی و هاوردە کراو ، لە سەرتاسەری خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق .

دووەم :

رێگری لە بەرهەمهێنەران و هاوردەکاران و فرۆشیاران دەکرێت خوێی بەکارهێنراو لەلایەن مرۆڤەوە بفرۆشن ئەگەر یۆدی تێدا نەبێت بەرێژەیەك کە کەمتر نەبێت لە 50ملگم / کگم و زیاتر نەبێت لە 80 ملگم / کگم ، بە پێی ستاندەردی پێوانەی عێراقی (بڕگەی 4 - 9 / 2003 ) .

سێیەم :

گشت خاوەن کارگەکانی پالاوتنی خوێ کە خوێی شۆراوە بە یۆد بەرهەم دێنن لە سنووری خاکی هەرێمی کوردستان ، ئەمانەی خوارەوەیان لەسەر دەسەپێنرێ :

1- پێویستە کارگەکانیان گشت ئەو ئامێرە پێویستانەی تێدابێت کە تایبەتن بە تێکەڵکردنی یۆد بە خوێ

2-سەردانیکردنی لایەنی تایبەتمەند و پەیوەنددار لەوەزارەتی تەندروستی تاوەکو شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی بڕی یۆدیان پێبدەن و رێژەی سەدی یۆدیان بۆ دیاری بکەن .

3-پێویستە خوێی شۆراوە بە یۆد ، بەرهەمی خۆماڵی بێت یان هاوردەکراو لە ناو قوتووی پۆلی ئەسیلین (بولی پیلین polyethylene) (ناروون) هەڵبگیرێت و بە باشی سەری داخرابێت و بڕەکەشی لە یەك کیلۆ گرام زیاتر نەبێت .

4- ئەم شتانەی لەسەر نووسرابێت :

أ- جۆری خوێی شۆراو بە یۆد یان خوێی سەرخوان یا خوێی چێشتخانەی شۆراو بە یۆد هەروەها دیاریکردنی خەستی یۆدەکە بە ملگم / کگم لە خوێ .

ب-جۆر و بڕی ئەو زیاد کراوە کیمیاییانەی کە بۆ خوێیەکە زیاد دەکرێت بە پێی ستاندەردی عێراقی

ت-مێژووی دروستکردنی خوێی شۆردراو بە یۆد و مێژووی بەسەر چوونی .

پ- ناوی کارگە و ناونیشان و ناوی وولاتەکەی کە لێی دروستکراوە .

5- پابەند بوون بە پێکهاتەی خوێی شیاو بۆ بە بەکار هێنان بە پێی ستاندەرد و مەرجە دیاریکراوەکان لە لایەن دەزگای پێوەر و پێوانەییەکان و ستاندەردی عێراقی .

*رێنماییەکانی بەندەکانی (3 - 4 - 5) لە بڕگەی (سێیەم) هەموو ئەو خوێیە بە یۆد شۆراوانە دەگرێتەوەکە لە دەرەوە هاوردەکراون .

چوارەم :

سەرپێچیکاری ئەم ڕێنماییانە ، ئەو سزایانەی بەسەر دەسەپێنرێت کە لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە 89 ی ساڵی 1981 ، مادەی 96 دا هاتوە .

**پێنجەم :**

شەش مانگ بوار دەدرێت بە بەرهەم هێنەران و دابەشکاران و فرۆشیاران لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێنماییانە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) ، تا ئەو (خوێ ) یەی عەمبارە یان خستراوەتە روو بۆ فرۆشتن بەر لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە بیفرۆشن .

**شەشەم :**

پێکهێنانی لێژنەیەکی چاودێری کردن بۆ پەیڕەوکردن و جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییانەی کە لەسەرەوەدا هاتووە و تایبەتە بەزیادکردنی خوێ بۆ یۆد .

**حەوتەم :**

کار بەم ڕێنماییە دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**هۆکارە پێویستەکانی دەرچوون**

1- یۆد توخمێکی خۆراکی بنەڕەتیە بۆ مرۆڤ ، گرنگە بۆ گەشەکردن هەتاکو لە دوای لە دایك بوونیشدا ، ئەو ئالۆزیانەی کە لە دەرەنجامی کەمبوونی یۆد (IDD) روودەدەن بۆی هەیە ببنە هۆی لە بار بردنی منداڵ و دواکەوتنی ئەقڵی و دواکەوتنی گەشەکردن ، سەرەڕای ئاوسانی گلاندی دەرەقی .

2- کەمبوونی ڕێژەی یۆد لە نێو خاکدا بە هۆی ئەو سەردەمانەی کە زەوی پێی تێپەڕیوە ، لەسەرەتای دروست بوونیەوە ، هەروەها بەهۆی ئەو لافاوە یەك لە دوای یەکانەوە کە روویان داوە و بەم هۆیەوە بڕێکی زۆری لە یۆد لەگەڵ خۆی راماڵیوە .

3- زیاد کردنی یۆد بۆ خوێی چێشت ، چونکە خوێ یەکێکە لە ماددە زۆر جێگیرەکان ، و بە گۆڕانکاریە سرووشتیەکان گۆڕانکاری بەسەر نایەت ، هەروەها تا ڕێژەیەك هەرزانە و لەبەر دەستی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەیە .

4- بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەی کە لە ساڵی 2012 لە عێراق ئەنجام درا ، لە لایەن وەزارەتی تەندروستیەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی یۆنیسێف و چەند ڕێکخراوێکی تری جیهانی ،

و منداڵانی تەمەنی قوتابخانەشی لەخۆ گرتبوو ئەنجامەکە ئەوەی دەرخست کە کەمبوون هەیە لە یۆدی سووک ( Mild iodine deficiency ) .

5- رێککەوتن لەسەر بەکارهێنانی ئاوێتەی ئایۆداتی پۆتاسیۆم (KIO3) چونکە ئەم ئاوێتە پلەیەکی خۆڕاگری زۆر جێگیری هەیە و بەرگەی گەرمی و شێ بە شێوەیەکی رێژەیی دەگرێت ، هەروەها لە رووی ژاراوی بوونەوەش ئەوا بە پلەیەکی بەرز بێ ترسە .

د.رێکەوت حمه رشید کریم
وەزیــری تــەنــدروستی

وەزارەتی داد

بەیانی ژمارە (8)ی ساڵی 2014

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (9) بڕگە (2) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (13)ی ساڵی 2007 بڕیارماندا بە :-